زنجیرەی منداڵی سەردەم




# کامیلیا

## خەوی ناخۆش دەبینێ




نووسینی: نانسی دیلفو – ئالین دو باتینی
بۆ عەرەبی: ماهر محیو
لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا



–بەیانیت باش کامیلیا گیان!
ئەم شەو باش نووستی؟



- ئاهـ.. نەخێر. خەوێکی زۆر ناخۆشم بینی.

-بەڕاستی؟! خەوە ناخۆشەکە باسی چی دەکرد؟

– حەزناکەم بیگێڕمەوە.
– کەواتە بۆ ورچەی بگێڕەوە.
– ئاهـ نا! بۆ ورچەی ناگێڕمەوە.. ئەو زۆر دڕندەیە.






- ورچە دڕندەیە؟! ئەو قسانە
چییە دەیکەیت؟ ئازیزەکەم گوێم
لێ بگرە، ئەگەر خەوە ناخۆشەکەم
بۆ نەگێڕیتەوە، ئەوا لە مێشکتدا
دەمێنێتەوەو بێزار و خەفەتبارتدەکات،
بەڵام ئەگەر بیگێڕیتەوە،
ئەوا هەست بە ئارامی دەکەیت.



– گاڵتەم پێ ناکەیت دایکە گیان؟

– هەرگیز ئازیزەکەم!!





– کەواتە بۆت دەگێڕمەوە.. لەگەڵ ورچە لە ژورەکەم بووین،
بینیم هەموو جلوبەرگەکانی یاریکردنی بردبوو بۆ خۆی...





- ئەو نیگارانەی دەدڕاند کە من کێشابووم و لە بوکەکەمی دەدا .
تەنانەت تۆش دایکە گیان، ڕازی نەبوویت پاسکیلێکم بۆ بکڕیت.
- ئای منداڵە شیرینەکەم، بەڕاستی خەوێکی ناخۆشت بینیوە!


- بەڵام ئازیزەکەم کامیلیا، خۆ تۆ دەزانی ورچە
هەمیشە میهرەبانە لەگەڵتدا.
- ئەوە ڕاستە!! بەڵام ئەو هەموو جلوبەرگەکانی
منی برد بۆ خۆی و لێی دام.



- ڕاسته، بەڵام ئەوە لە خەودا.. لەڕاستیدا هیچ کامێک لەوانەی خەوەکەت ڕوویان نەداوە، ئەو  و منیش تۆمان خۆشدەوێت.



- گوێبگرە، ئێستا پێکەوە مەسەلەکە چارەسەردەکەین.
جلوبەرگەکانی یاریکردنی خۆت لە کوێ داناوە.



- لەو قوتوەی سەر ڕەفەکە.
- کەواتە سەیری ناو قوتوەکەت بکە.
- ئاهـ.... گشت جلوبەرگەکان هێشتا لەناو قوتوەکەدان.
- هەروەها سەیربکە، هێشتا نیگارەکانت لەسەر مێزەکەن.





– کەواتە ورچەگیان هیچ کام لەو کارانەی نەکردوە، کە لە خەوەکەدا بینیومن!





– بەهەرحاڵ، مادام ورچە جلوبەرگەکانی یاریکردنی نەبردووم، نیگارەکانی نەدڕاندووم و لە بوکەکەمی نەداوە، زۆر خۆشحاڵم .

– بۆچی ئازیزەکەم؟



– چونکە تۆ پاسکیلێکم بۆ دەکڕیت!!















لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

نرخی (١٠٠٠) دینارە